# حكومەتی هەرێمی كوردستان شەرعیەتی خۆی لەدەستداوە


د.كەمال سەید قادر
drkamalsaidqadir@gmx.at


هەر دەسەلاتێكی سیاسی لە سیستەمێكی دیمكراسیدا شەرعیەتی خۆی لە ڕێككەوتنامەیەكدا لە نێوان هاولاتیانو دەسەلاتدا دەدۆزێتەوە، كەوا بە گرێبەندی كۆمەلایەتی ناسراوە.

گرێبەندی كۆمەلایەتیش وەكو چەمكێكی فەلسەفیو كۆمەلایەتو سیاسی هەولدەدات هۆو ئامانجی بونی دەسەلاتی سیاسی ڕون بكاتەوە، چونكە بونی دەسەلاتی سیاسی یا حكومەت هەرچەندە دیمكراسیش بێت لە ڕاستیدا جۆرێكە لە سنورداركردنی ئازادی سروشتی ڕەهای مرۆڤ.

بە پێ ی تیۆری گرێبەندی كۆمەلایەتی، مرۆڤ پێش بەستنی ئەم گرێبەندە لە حالەتێكی سروشتی تەواو ئازادا ژیاوە، واتە هەرچی ویستویەتی كردویەتی، ئەمەش بێ گومان بۆتە هوی نانەوەی فەوزاو ناكۆكی لە نێوان تاكەكاندا وە ژیانی كۆمەلگای كردۆتە شەڕێكی سەرتاسەری هەریەكەو دژی هەمو، جا لە بەر ئەوە ئەندامەكانی كۆمەلگا لە نێوخۆیاندا لە سەر ئەوە ڕێككەوتون، هەریەكەو سازش لە بەشێك لە ئازادی خۆی بكات لە پێناوی دامەزراندنی كۆمەلگایەكی ڕێكخراو كەوا یاسا تیایا سەروەر بێت نەك هێز وە ڕیز لە مافەكانی تاكە كەس بگرێت. ئەم لایەنەی بە گوێرەی ئەم گرێبەندە ئەركی ڕێكخستنی كاروباری كۆمەلگای پێ دەسپێردرێت ناویانناوە دەسەلاتی سیاسی، یا حكومەت یا دەولەت، كەوا كەسایەتی یەكی مەعنەوی یە. هەر گرێبەندێكیش مافو ئەرك بۆ هەمو لایەنی بەشدار لە گرێبەندەكەدا دەخولقێنێت، واتە هەم هاولاتیانو هەم دەسەلاتی سیاسیش بە پێ چەند مەرجێكەوە بونەتە ئەندامی ئەم گرێبەندە. هاولاتیان دەبێ گوێڕایەلی یاسا بن وە ئەركەكانی خۆیان بەرامبەر بە دەولەت بە جێ بگەیەنن، دەسەلاتیش دەبێت لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی كار بكات وە ڕیز لە مافەكانی هاولاتیان بگرێت.

هیچ گرێبەندێكیش بۆ هەتا هەتایە نابەسترێت، بەلكو كارپێ كردنی بەستراوەتەوە بە مەرجی پابەندبونی هەمو لایەنە بەشدارەكان بە ناوەڕۆكو ئامانجی گرێبەندەكە. واتە هەر كاتێك لایەنێكی بەشدار گرێبەندەكەی پێشێلكرد، ئەوا لایەنەكانی تر بۆیان هەیە گرێبەندەكە هەلبوەشێننەوە. حكومەت دەتوانێت دەست لە كار بكێشێتەوە، وە هاولاتیانیش دەتوانن حكومەت بگۆڕن.

لە زۆرترین حالەتەكاندا حكومەت پێشێلكاری گرێبەندی خۆی لە گەل هاولاتیاندا دەكات، ئەمەش

دەبێتە هۆی لە دەستدانی متمانەی لە نێو خەلقدا وە هەلوەشاندنەوەی گرێبەندەکەیان لە گەل دەسەلاتدا.
هەلوەشاندنەوەی گرێبەندەکەش دەتوانێت شێوازی جۆراو جۆر وەرگرێت، وەکو لادانی حکومەت لە ڕێگای هەلبژاردنی نوێوە، یا ڕاونانی ئەم حکومەتە لا لایەن جەماوەرەوە ئەگەر بێتو میتۆدی ئاشتیخوزانە بۆ لابردنی سەری نەگرت.
بە هەرجۆرێک بێت ئەو حکومەتەی شەرعیەتی خۆی لە دەستبدات، مافی حوکمکردنیشی نامێنێت، چونکە مافی حوکم کردن سەرچاوەکەی گرێبەندەکە خۆیەتی وە لە گەل هەلوەشاندنەوەی گرێبەندەکە خۆی، مافەکەش دەسڕێتەوە.

ڕوبەڕوبونەوەی خەلق دژ بە دەسەلاتێکی ناشەرعی، مافێکی پیرۆزی مرۆڤە کەوا بە مافی بەرهەلستکاری ناسروە.
فەیلەسوفی گەورەی ئینگلیز جۆن لۆکی، کەوا ناسراویشە بە یەکێک لە باوکانی تیۆری گرێبەندی کۆمەلایەتی لەم بارەیەوە دەلێت: مافی بەرهەلستکاری دژ بە حکومەتێک کەوا لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی هاولاتیان کار نەکات وە گۆڕینی ئەم حکومەتە، مافێکی ڕەوایە.

سەرۆکی دوانزەهەمی ئەمریکیش ئەبراهام لینکۆلن، مافی بەرهەلستکاری بە مافێکی دەستوری دەژمێرێت کاتێک وتویەتی: لابردنی حکومەتێکی ناشەرعی لە لایەن هاولاتیانەوە، مافێکی دەستوری یە.

پێش ئەبراهام لینکۆلنیش، جاڕی سەربەخۆیی ئەمریکا لە سالی 1776، دانی بە مافی بەرهەلستاکاری ناوە کاتێک لە دیباجەکەیدا ڕایدەگەیەنێت: سەچاوەی شەرعیەتی حکومەت ویستو ڕەزامەندی هاولاتیانە، وە هەرکاتێک حکومەتێک لەم ئامانجانە لایدا کەوا هاولاتیان بۆیان دیار کردوە، ئەوا خەلق بۆیان هەیە ئەم حکومەتە لابەرن یاخود گۆڕانکاری تیا بکەن، بە جۆرێک کەوا بناغەی پرنسیپەکانیو پێکهاتەکەی خزمەتی ئاسودەییو خۆشبەختی هاولاتیان بکەن.

دەستوری ویلایەتی نیو هامشایەری ئەمریکیش لە مادەی10یدا، ئەو مافەی بۆ هاولاتیان دابین کردوە، وە لەوەش زیاتر ڕۆیشتوە کاتێک دەلێت: بیرۆکەی بەرهەلستی نەکردنی حکومەتێکی بەرەللاو بە دەر لە یاسا وە دژایەتی نەکردنی، بیرۆکەیەکی بێ مانایە، بە کوێلە کردنە وە تێکدەری چاکەو بەختەوەری یە لە کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا.

پراکتیزەکردنی مافی بەرهەلستاکاری لە لایەن هاولاتیانەوە دەتوانێت شێوەی جیا جیا وەرگرێت، وە شێوەکانیش بە پێ ی سروشتو هەلسوکەوتی حکومەت لە گەل خەلقدا دەگۆڕێت. دکتاتۆرانی وەکو شاوشێشکۆو، محمد سیادباریو مۆبوتۆو شای ئێران یا گۆڕبەگۆڕ دەکرێن یا بە بەرد وولات بە دەردەکرێن. ئەگەر دەسەلاتەکەش پێشتر شەرعیەتی خۆی وەرگرتبو لە ڕێگای هەلبژاردندا، ئەوا خەلق دەبێت شێوازی ئاشتی خوازانە بگرنە بەر بۆ گۆڕینی.

**لە سەردەمی ئێستاشدا لە بەر ئەوەی بە زۆری حکومەتەکانی جیهان لە ڕێگای هەلبژاردنەوە دەسەلاتیان گرتۆتە دەست، شێوازی بەرهەلستکاری کردنیش دژیان بە زۆری شێوازێکی ئاشتی خوازانە وەردەگرێت، کەوا بە شۆرش پرتەقالی ناسراوە.**

**نمونەی ئەم جۆرە شۆرشانە زۆرن، هەروا زۆرتریش دەبن.**

**یۆزێف ئیسترادای سەرۆکی پێشوی فلبین، سەرۆکێکی هەلبژێردراو بو بەلام ئەمیش وەکو هەندێک لە سەرکردەسیاسی یەکانی کوردستان فێری دزی کردن بوبو، تا خەلق دەوروبەری کۆشکی کۆماریان لێگرت دەریانپەڕاندە دەرەوە. ئێستا ئەم دزە دەستبەسەرە وە چاوەڕوانی دادگایی کردنی دەکات لە سەر دزی کردن. مێژو زۆر جار دوبارە دەبێتەوە، لەوانەیە ئیسترادا‌کانی کوردستانیش ڕوبەڕوی هەمان چارەنوس ببنەوە.**

**سەرۆکی پێشوی قرگزستانیش، عەسکەر ئەکاییێف، چارەنوسی زۆر لە چارەنوسی سەرۆکە دزەکەی فلبین باشتر نەبو، ئەمیش هەرچەندە لە ڕێگای هەلبژاردنی ساختەوە دەسەلاتی گرتبوە دەست، خەریکبو کوڕو کچەکانی خۆی بۆ میراتگری سیاسی ئامادە بکات، تا لە ئازاری 2005 خەلق لیٚ یان بە خۆ کەوتن وە بە پڕەپڕ ڕایانکردە مۆسکۆ. ئەی دەبیٚ ئەکاییێفەکانی کوردستان بۆ کویٚ ڕابکەن لە دەست خەلق؟**

**لە ئۆکرانیاش هەلبژاردنی ساختەی سەرۆکایەتی لە ژێر پالەپەستۆی جەماوەر هەلوەشێندرایەوە وە لە دەرئەنجامی هەلبژاردنی نوێدا سەرۆکێکی تر زۆینەی دەنگی بە دەستهێنا.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕاستیدا سەرچاوەی شەرعیەتەکەی خەلقە، هەرچەندە پرسیاری زۆریش لە سەر چۆنی یەتی بەڕێوەبردنی هەلبژاردنەکان هەیە، بۆیەشە دەبیٚ شێوازی گۆڕینی ئەم حکومەت شێوازێکی ئاشتی خوازانە وەرگرێت، لە شێوەی شۆرشە پرتەقالی یەکان.**

**شۆڕشی ئەمجارەمان پرتەقالی یە**

**شاعیری مەزنی ئەلمانی گۆتە دەلێت هۆکاری پشت شۆڕشە مەزنەکانی جیهان هەردەم هەلەو کەموکورتی یەکانی حکومەتەکانن نەک گەلان. گۆتەی شاعیر ئەگەر بێتو ئێستا لە کوردستان ژیابا، ئەم ووتەی خۆی هەزارەها جار دووبارە دەکردەوە، چونکە کەم میللەت هەیە لە جیهان بە قەد میللەتی کورد حەز لە ژیانی تەباییو هێمنی بکات، بەلام کەم حکومەتیش هەیە لە جیهانی ئێستادا بە قەد حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەمی بەرامبەر بە هاولاتیان بکات. ئەم حکومەتەی هەرێم نەک هەر کەمتەرخەمی لە خزمەتکردنی هاولاتیان دەکات، بەلکو لە 1991 وە تا ئێستا پیشەی سەرەکی براکوژیو، دزیو گەندەلی بوە. ئەو کەسەی داوای بەلگەنامەش دەکات بۆ سەلماندنی بونی گەندەلی لە**

کوردستاندا، با بفەرمێت لە سەرکردەی هەردو حزبە سەرەکی یەکەی هەرێم دەست پێ بکات بزانێت ئەوان گەندەلترین کەسن یا نا. دوو سەرکردە خۆیانو بنەمالەو کەسوکاریان هەرچی دەسەلات هەیە قورخیان کردوە وە بودجەو داهاتی هەرێمیش بە مولکی تایبەتی خۆیان دەزانن، لێمان بونەتە ئەکاییێفی قرگیزستان، کاتێک کورەکانیان ئامادە دەکەن پاش خۆیان تەشریف بێنن ببنە حاکممان، میللەتیش لە ڕێگای ترسو تۆقاندنەوە بۆ ژیانێکی کوێلایەتی ئامادە دەکرێت.

پڕۆپاگەندەی ئەوەش دەکەن کەوا سیستەمێکی دیمکراسیان لە کوردستاندا دامەزراندوە چونکە هەلبژاردن کراوە، هەرچەندە ئەمە ڕاستە کەوا هەلبژاردن کراوە، بەلام ئەمە نیوەی ڕاستی یەکەیە چونکە هەلبژاردن لە سەریان فەرزکرا جگە لەوەش کەوا هەلبژاردن تەنها پێوەری سیستەمی دیمکراسی نی یە.
سیستەمێکی دیمکراسی ڕاستەقینە جگە لە هەلبژاردنی ئازادو عادیلانە، دەبێت چەند مەرجێکی تری بنەڕەتی دابین بکات وەکو بونی دەستورێکی مۆدێرن، بونی لێپرسینەوە، شەفافیەت لە بوارەکانی بەڕێوەبردنو داراییدا، ئازادی ڕۆژنامەگەریو ڕادەربڕین، سیستەمی هاوسەنگیو چاودێری لە نێوان هەرسێ دەسەلاتدا وە سەقامگیری ئابوریو کۆمەلایەتی.

ئەم مەرجانە هیچیان لە هەرێمی کوردستان بە دی ناکرێن، لە جیاتی ئەوە بنەمالەکانی خاوەن دەسەلات کەوتونەتە گیانو مولکی خەلق وە دەسەلات تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بە کار دەهێنن.

جا ئێستا کە خۆپشاندانو ناڕەزایی دەربڕین دژی دەسەلاتی سیاسی وا خەریکە سەرتاپای کوردستان دەگرێتەوە، وەلامی دەسەلات تەنها ئەوەیە کەوا ئەوان لە لایەن میللەتەوە هەلبژێردراون وە هەولدەدەن خزمەتگوزاری یەکان باشتر کەن، هەروەکو بلێ ی میللەتەت خۆی حەزی لە ژیانی کوێلایەتی بێو بە دەستی خۆی ئاغا بۆ خۆی دابنێت وە تەنها گیروگرفتی خواردنو خەوتن بێت.

لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی هەلسانەوەی خەلق دژ بە دەسەلاتی هەرێم نە کارەبایەو نە بەنزینیش، بەلکو نەبونی ئازادی یە وە بەشێکە لە شۆرشی نوێ ی گەلان دژ بەو حکومەتانەی کەوا شەرعیەتی خۆیان لە دەستدەدەن.

هاولاتیانی کوردستان بە پێ ی گرێبەندێکی کۆمەلایەتی (هەلبژاردنی گشتی) حکومەتی کوردستانیان دەستنیشانکردوە بە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی هاولاتیانی هەرێم، وە پێش هەمو شتێکیش ڕیزگرتن لە مافەکانیان جگە لە دابین کردنی خزمەتگوزاری یە بنەڕەتی یەکان کەوا هەردەم ئەرکی سەرەکی هەر حکومەتێکە.
کە حکومەتی هەرێم ئێستا ئەم گرێبەندەی پێشێلکردوە، هاولاتیانی کوردستان مافی ئەوەیان هەیە ئەم گرێبەندە هەلبوەشێننەوە وە بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە ئەم حکومەتە بگۆڕن. پرۆسەی لادانو گۆڕینی حکومەتی هەرێمیش لە پراکتیکدا دەستی پێ کردوە وە تەنها مەسەلەکە مەسەلەی کاتە.

ڕاگرتنی ئەم پرۆسەیە زۆر زەحمەتە، دەسەلات هەرچەندە هەولیشی بۆ بدات چونکە پلەی متمانە لە نێوان دەسەلاتو هاولاتیاندا هاتۆتە نزیکەی سەر سفر. کێ متمانە بە حکومەتێک دەکات کەوا پیشەی سەرەکی دزی کردن بێت؟ ئەم کابینەیەی ئێستا شیاوی ئەوەیە ناوی لێ بنێیت کابینەی دزی کردن.

حکومەتی هەرێم فیزی ئەوەشمان لە سەر دەکات گوایە هەردو ئیدارەکەیان یەکخستوە، ئەمەش نیوەی ڕاستی یەکەیە چونکە یەکگرتنەوەی هەردو ئیدارە تەنها دەرئەنجامی دابەشکردنی هەردو پۆستی سەرۆکایەتی عێراقو هەرێمە لە نێوان سەرکردەی هەردو حزبی سەرەکی وە لە ژێر پالەپەستۆی ئەمریکادا.

ئێستاش کە هەردو ئیدارەکە یەکتریان گرتۆتەوە لە سەر بناغەی دابەشکردنی ئیمتیازاتە لە نێوان خۆیاندا وە ئەو دزی یەی کەوا پێشتر هەریەکە بە تەنها دەیانکرد ئێستا بە یەکەوە دەیکەن، بە یەکەوەش ئازادی یەکان دەچەوسێننەوە، بۆیەشە هەر بە یەکەوەش شەرعیەتی خۆیان لە دەستداوە، دەشبێت بە یەکەوە لاببرێن.
خەلقی کوردستان زۆر دلفراوانو بەخشێنەر دەبن ئەگەر بێتو تەنها بە لادانی حکومەت واز بێنن، ئەگەرنا کوشتنی خەلقو، بێ سەروشوێنکردنو، ئەشکەنجەدانو دزی کردن لە میللەت سزای زۆر قورسیان لە سەرە.

چاکردنەوەی ئەم بارە خراپەی پەیوەندی نێوان دەسەلاتو خەلق لە هەرێمدا کارێمی نیمچە مەحالە چونکە متمانە نەماوە. بەلێ دەسەلات دەتوانێت توندو تیژی زیاتر بە کار بێنێت دژی خەلق، ئەو کاتە خەلقیش شێوازی بەرهەلستاکری یەکەیان دەگۆڕن تاکو دەسەلات پاشەکشێ دەکات، دەسەلاتیش چەند پاشەکشێ بکات خەلق ئەوەندە زیاتر لێ ی دەچێتە پێش تاکو پشتی بە دیوار دەدات، ئەمەش یاسای بەرهەلستکاری یە.

هیچ ڕێگایەکی تر لە پێش حکومەتی هەرێمی کوردستان نەماوە، خۆ تەسلیمکردن نەبێت بە میللەت لە ڕێگای ئەنجامدانی هەلبژاردنی نوێ وە. تەنها لەم ڕێگایەوە دەسەلاتداران دەتوانن پێستی خۆیان ڕزگار بکەن یاخود هەرێم بە دەر نەکرێن، هەرچەندە نەختێکیش درەنگە.